سەرکان کوردی
www.sarkan.tk
1/20/2004
sarkan@kurdee.net

# هاوڵاتی یان هاودەستەڵاتدار

لەگەڵ چوار شەممە دەهات هەموو ڕۆژەکەم تەرخان دەکرد بۆ هەفتەنامەی هاوڵاتی هەندێ جار خۆی زۆر بەناز دەکرد و تاکو ڕۆژی هەینی نەدەگەشتە دەستم، دەبوایە بەدیار کۆمپوتەرەکەمەوە دابنیشم و زوو زوو هەوڵی ئەوە بدەم کە ویندۆکە تازە (refresh) بکەمەوە. من پێم وایە ئەم تەنها کاری من نەبوو بەڵکو کاری هەموو ئەو مرۆڤە تینوانەی دەرەوەی کوردستان بوو بۆ خوێندنەوەی هەفتەنامەی هاوڵاتی.

هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی فایلی ڕەشیشەوە هاوڵاتی زۆر بە مەردانەو بێ ترس هاتە نێو مەیدانەوەو ناو و وێنەی فایلڕەشەکانی بڵاو دەکردەوەو هەندێك لە فایلڕەشەکان خۆیان هەوڵی ئەوەیان دەدا کە خۆیانی لێ بدزنەوە بە فیڵ و قسەی بێ سوود، بێگومان هەموو کورد ئەم هەڵوێستەی هاوڵاتی زۆر بە بەرزی دەنرخاند و هەفتەنامەی هاوڵاتی زۆر جەماوەری زیادی کرد.

بەس وەك لە کۆتایدا دەرکەوت کە لێپرسراوی دووەمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەڕێز نەوشێروان موستەفا خودی خۆی لە پشت ئەم کارەوەبوو. بەڵگەی ڕوون و ئاشکراش داواکاریەکەی بەڕێز مام جەلالە لە لێپرسراوی دووەمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ وەستانی دەرخستنی ناوی فایلدارەکان کە لە ڕۆژنامەی جەماوەردا لە ڕۆژی 2003/11/24 بڵاوکرایەوە http://www.jamawar.org/56P1.pdf. گەر ئەمەش ڕاست نەبێت و بۆ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەڵبەسترابێت بۆچی هەفتەنامەی هاوڵاتی لە ڕۆژی 2003/11/19 لە ژمارەی http://www.hawlati.com/pdf/2001-150_1.pdf 150 وە هیچ فایلێکی تری بڵاو نەکردەوە، تەنها لابردنی حامیدی حاجی غالی و شالاوی عەلی عەسکەری نەبێت کە لە 2003/12/3 لە ژمارە http://www.hawlati.com/pdf/2001-151_1.pdf 151 دا بڵاوکراوەتەوە ئەویش هۆی دەست لەکارکێشانەوە یان لابردنیان نەزانراوە. باشە ئەمە بە ویستی سەرکردایەتی یەکێتییە یان هەر لە خواییەوە وا کەوتەوە؟ ئێستە زۆرن ئەوانەی کە بە گومانن ئایا داخستنی بابەتی ئەم فایلانە لە لایەن سەرکردایەتی ینك وە لە ئەنجامی ئەو تەهدیدانەدایە کە (سەعدی پیرە و بەهرۆز گەلاڵی) بە ئاشکرا باسیان لێوە کردووە کە ئەگەر بێت و گەر بێدەنگ نەبن بەرامبەر بە فایلەکانیان ئەوا زۆر لە نهێنیەکان و پەیوەندیە گومانلێکراوەکانی ئەو هاوڕێیانەی سەرکردایەتیان ئاشکرا دەکەن کە ئەمڕۆ بە فیتی ئەوان و لەلایەن بەرپرسی دووەمی ینکەوە ئەو بەڵگەنامانە دەدرێتە هاوڵاتی.

خۆشەویستان لە میانەی خوێندنەوەکانمدا و لە گەڕانم بەدوای فایلی گەورەپیاوان و سەرکردەکانی کورد هیچی ئەوتۆم نەدۆزیەوە لەوانە زیاتر کە لە هاوڵاتی بینیبووم. هەندێ لە تۆڕگە کوردیەکان قاوەیان

بەوانەوە نۆش دەكرد و دەهاتن هاواریان دەكرد كە خەڵكانێكی تر لە لایەنە رامیاریێكانی ترادا خاوەن فایلیڕەشن. ئەو هەموو قسەو قسەلۆكەی ووترا گوایە نێو ڕیزەكانی پارتیش زۆری فایل ڕەش تیدایە، بەلأم تا ساتی نووسینی ئەم بابەتە هیچ كەس و لایەنێك بەتەنها یەك بەڵگەنامەی لا نییە كە بیكاتە وەلأمێكی دیار و درووست بۆ بەر پەرچدانەوەی بەیاننامەكەی نوسینگەی رامیاری (مەكتەبی سیاسی) پارتی كە زۆر بە لە خۆ بووردیی و شانازیەوە باس لەوە دەكات كە ڕیزەكانی سەركردایەتی پارتی خاڵیە لە كەسانی فایل ڕەش. بۆیە هەر لێرەوە جارێكی تر ئومێد دەكەم هەر كەس و لایەنێك بەڵگەنامەی مخابەراتی هەر بەرپرسێكی پارتی یان هەر پارتێكی كوردی لەلایە با بە رۆحێكی پاك و نیشتیمان پەروەریەوە بیخاتە ڕوو. با هەر هێچ نەبێت تۆزیك تەوازن بۆ ینك درووست بكەین بۆ ئەو حاڵە كە ئێستە تێیدان. وە لێشتان ناشارمەوە كە پێش ئەوەی ئەم بابەتە بنووسم بە بەردەوام لە هەوڵدابووم بۆ گەڕان بە دوای دۆزینەوەی فایل ڕەشێك لەنێو سەركردایەتی سیاسی كوردستاندا بە تەنها لەم بەم بەڵگەنامەیەی بەرێز مەسعود بارزانی هیچی دیكەم نەدی كە لە ئاستی بەرزدابێت ئەتوانن خۆتان بە چاوانی خۆتان ببینن http://www.tirej.com/index692.wthiqa.htm! ئنجا ناشزانم ئەم بەڵگەنامەیە تێنویەتی ئەو كەسانە دەشكێنێت كە لەسەر قسەو قسەلۆكی بێ بەڵگەو بنەما هەمیشە كوتەری ئەو دەهۆڵانەن كەدووژمنانمان درووستیان كردووە.

ڕەنگە ئەم حاڵەی ئێستای كە هەفتەنامەی هاوڵاتی تێكەوتووە سەلماندنێك بێت بۆ ئەو بیر و بۆچونانەی كە دەیانووت كە هەفتەنامەی هاوڵاتی لێپرسراوی دووەمی ینك لە پشتەوەیەتی، هەروەك هەفتەنامەكە خۆشی لە ژمارەی http://www.hawlati.com/pdf/2001-142_1.pdf 142دا لە لاپەڕەی یەكەمیدا بەڵگەنامەیەكی مخابەراتی رژێمی لەناو چووی بڵاوی كردەوە باسی لێوە دەكات، وە هەروەها زۆریشن ئەوانەی كە هەر لە سەرەتای دەرچوونی ئەم هەفتەنامەیەوە هەڵوێستیان وابوو كە ئەم هەفتەنامەیە لە ژێر كۆنترۆڵی دەزگای زانیاریدایە. ئایا هەفتەنامەی هاوڵاتی بێدەنگبوون بە باشترین رێگە چارەدادەنێت بۆ ئەو هەموو بۆچوونە رووخێنەرانە (نێگتڤانە)ی هاوڵاتیان بەرامبەری كە بەهۆیەوە بروا و متمانەی خوێنەرانی لە دەست داوە و هەتا دێت ئەو متمانەیە ڕوو لە كزیەو ژمارەی خوێنەرانی كەم دەبێتەوە.

بەرێزان، راستە ئێستا كاتی ئەوە نیە كە كاتەكانمان تەرخانكەین بۆ شتی بچووك، من زۆر چاك دەزانم كە شتی زۆر گەورەتر و پیرۆزترمان لە پێشەوەیە. بەڵام دیتنی فایلدارەكان لە شوێنی خۆیاندا و وەستانیان لە پشت سكرتێری یەكێتی نیشتیمانی كوردستان و لە ناو كۆڕ و كۆمەڵەداندا گومانێكی زۆر

درووست دەکات لای گەلی کوردستان بەتایبەتی ئەندامانی خۆتان، باشە هیچ وەلآمێکتان لایە بۆ خێزانی شەهیدان و کەمئەندامان و گشت ئە مرۆڤە شۆڕشگێڕانە کە نە شەویان شەو بوو نە ڕۆژیان ڕۆژ بەس لە بەر ئەوەی کە کوردن بونو سەر بە یەکێتی نیشتیمانی بوون. بۆیە داوا لە بەڕێز نەوشێروان موستەفا و مام جەلال و سەرکردایەتی یەکێتی دەکەم کە چیدی چاوی خۆیان نەنوقێنن لە ئاست ئەو فایلدارانە.

**ئامان فایلڕەش گوپ زل و چاو گەش**
**من زۆر پێم عەیبە گیانە**
**لات بەرم بەشەق**
**هاوڕێی دێرینمان، شازی فایلدار**
**وا چویتە ڕیزی گیانە**
**ریسوا و تاوانبار**

**هەر بژین بۆ کورد**